# كاریگەری و ڕۆڵی شیعری زێوەر لە بواری پەروەردەو فێرکردن دا

**لە نجە عبدالرحمن غریب**
**زانكۆی ڕا پەڕین**
**كۆلێژی پەروەردە**
**بەشی زمانی كوردی**

**دەروازە:**

شیعر ئەو كایە مەعریفیە پڕ لە واتایەیە، كە چەندین ڕەهەندی لە ناوەڕۆكی خۆیدا هەڵگرتووە و هەریەكێك لەو ڕەهەندانە ئامانج و مەبەستی تایبەتی خۆی لە پشتە، كە دواجار گەیاندنی چەند پەیامێكی تایبەتە بە خوێنەر و هەر مەبەستێكی شیعریش لە بنەڕەتدا كاریگەری خۆی لە بوارێك لە بوارە جیاوازەكانی ژیان دەنوێنێ و، دەبێتە هۆی فراوانكردنی جیهانبینی و هزری هەر خوێنەرێك.

لە دنیای شیعری كوردیدا و هەر لە شیعری كلاسیكی كوردییەوە تا شیعری كلاسیزمی نوێ و تا دەگاتە شیعری نوێ و ئەدەبی هاوچەرخیش ئەم بنەمایە بوونی هەیە. زێوەریش وەك شاعیرێكی كلاسیكی نوێخواز لە نێو شیعرەكانی خۆیدا هەمیشە گرنگیداوە بەو ڕەهەندانەی كە كاریگەریان هەیە لەسەر فراوانكردنی جیهانبینی و هزری خوێنەرو، توانیویەتی خوێنەری كورد فێری خۆشویستنی چەندین چەمكی جیاوازی ژیان بكات و بە زمانێك هەوڵی داڕشتنی شیعری داوە، كە پەیامەكانی فێركردن بە ئاسانی بگاتە خوێنەر و ئامانجەكانی خۆی بپێكێت. هەر ئەمەش وایكردووە كە هەندێك لە شیعرەكانی ئاوازیان بۆ دابنرێت و بكرێن بە گۆرانی و كاریگەریان لەسەر خوێنەر زیاتر بێت.



كۆنفرانسی ( كاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

## پێشەکی

شیعری کوردی لە هەموو قۆناغە جیاوازەکانی خۆیدا بەهۆی بارودۆخی کلتووری وسیاسی تایبەت بە ژیانی نەتەوەکەمان هەڵگری پەیامی تایبەت بەخۆی بووە، ئەمەش لە درکپێکردنی شاعیرانی کوردەوە سەرچاوەی گرتووە. بۆیە ئەگەر شیعری کلاسیکی کوردیی لە کۆمەڵێك لایەنی جیاوازەوە پەیامی خۆی گەیاندبێ و، زیاتر لە خەمی مەبەستە شیعرییەکانی سەردەمی خۆیدا بووبێت، ئەوا لەگەڵ گۆڕانی سەردەم و بەسەر چوونی قۆناغە یەك لەدوای یەکەکاندا و لەو چرکە ساتەوەی، کە شیعر لە هەمان فۆرمی کلاسیکیدا، بەڵام بە ناوەڕۆکێکی نوێ هاتۆتەوە کایەوە ئەرك و مەبەستەکانی شیعریش گۆڕانکاری ڕیشەییان بەسەردا هاتووە و، چەندین لایەن و ڕەهەندی دیکە بوونەتە خەمی ئەو قۆناغەی شیعری کوردی و بە نوێبوونەوەی شیعری کوردیش لەسەر دەستی شاعیرانی نوێخواز جارێکی دیکە شیعری کوردی بەرەو ئامانج و مەبەستی نوێتر هەنگاوی ناوە.

لە نێو شاعیرانی کلاسیکی نوێدا چەندین شاعیری دیاری کورد ڕۆڵیان لە گەشە پێدانی هزری تاکی کورددا هەبووە. زێوەر وەك شاعیرێکی دیاری سەردەمەکەی توانیویەتی لە ڕێگەی دارشتنی مەبەستە جیاوازەکانی شیعرەوە ڕۆڵ و کاریگەری خۆی بنوێنێ بەتایبەتی لە بواری پەروەردەو فێرکردندا. بەجۆرێك کە لە بەشێکی زۆر لە دەقە شیعرییەکانیدا ئەم ئەرکە شیعرییە بەرچاودەکەوێت، ئەم توێژینەوەیەش لە ڕوانگەی هەستکردن بەم کاریگەرییەی زێوەر و ڕۆڵی لە بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگە لە بواری پەروەردو فێرکردندا ئەنجامدراوە و لە دووبەشی جیاوازدا ئەم کاریگەرییەی ڕوونکردۆتەوە.

لە باسی یەکەمی بەشی یەکەمدا لە بارەی کاریگەری شیعر لەپەروەردەکردنی هزری تاکدا بەگشتی دواوین و لە باسی دووەمیشدا ئەرکی شیعر لە قۆناغی کلاسیزمی نوێی کوردیدا خراوەتەڕوو. باسی سێیەمیش لە بارەی ئەو زمانە شیعرییەوە دواوە، کە زێوەر لە بواری پەروەردەو فێرکردندا بەکاری هێناوە.

لەبەشی دووەمی ئەم توێژینەوەیە لە بارەی هەندێك ڕەهەندەکانی پەروەردە و فێرکردنی شیعری زێوەر دواوین و لە کۆتاییشدا ئاماژە بەو ئەنجامانە کراوە، کە لە توێژینەوەکەماندا پێیگەیشتوون و پوختەی توێژینەوەکەش بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی خراونەتە ڕوو لەگەڵ لیستی ئەو سەرچاوانەی، کە لێیان سوود مەند بووین.

### بەشی یەکەم:

#### باسی یەکەم: کاریگەری شیعر لەپەروەردەکردنی هزری تاکدا

شیعر وەك کایەیەکی مەعریفی گرنگ ڕۆڵێکی بەرچاو دەبینێ لە ئاراستەکردنی کۆمەڵگەدا و، دەتوانێت کاربکاتە سەر هەست و دڵ و دەروون و ویژدانی تاکەکانی کۆمەڵ و ڕۆڵ ببینێت لە بواری پەروەردەیی و ڕەوشتیدا، بۆیە ئەو سیحرەی لە پێکهاتەی شیعردا هەیە ئەرکێکی کاریگەر و دیاری و هەیە و لە هەر قۆناغێك لە قۆناغەکاندا پەیام و مەبەستی تایبەتی خۆی دەگەیەنێت ((شیعر ئەوەندە ئاوێتەی ژیانە کە ئاوڕ لە هەموو لایەنەکانی ئەداتەوە و ئەچێتە هەموو مەیدانەکانییەوە: ئاین، ڕامیاری، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی پەروەردەیی و فێرکردن، ئەخلاقی، ئابووری و سەربازی، انسانی، دڵداری، نیشتیمانپەروەری، ستایش و پیاهەڵدان و شێوەن،



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

فەلسەفەو...هتد نموونەی ئەمانەش لە دیوانی هەرە زۆری شاعیراندا گەواهی لەسەر ئەم ڕاستی یە ئەدات)) (جمال حبیب الله: ٢٠١٣: ١١٩).

پێکهاتەی شیعر هەربریتی نییە لە ئاوازو مۆسیقاو دارشتنی زمانی، کە جیای بکاتەوە لە هەر دارشتنێکی زمانی دیکە ، بەڵکو ئەفسوونی شیعر لەوەدا خۆی دەبینێتەوە، کە لە ڕێگەی دارشتن و بونیادی پێکهاتنییەوە دەتوانێت هەستی خوێنەر ببزوێنێ و ئاراستەی بکات و ڕۆڵی دیار و کاریگەر ببینێ لەسەر بیرو هۆشی خوێنەر، بەجۆرێك کە ئەم کاریگەرییە بە پێی مەبەستە جیاوازەکانی شیعر و لەلایەکی دیکەشەوە بە پێی قۆناغە جیاوازەکانی شیعر گۆڕانی بەسەردا دێت. بۆیە شیعر دەتوانێ بە ئەندازە وتێگەیشتنی خوێنەر کاریگەری خۆی بنوێنێ و بە پێی ئەو مەبەست و پەیامەی، کە دەری دەبڕێت کاریگەری لەسەر هزری خوێنەر دانێت و دواجاریش بەو ئاراستەیەدا ببیات، کە ئامانجیەتی. بۆ نموونە: (( لە شیعری فێرکردندا شاعیر بەرهەمەکەی لە ڕێگەی دەقێکی هونەرییەوە پێشکەش دەکات و لە ڕێگەی هزرەوە مێشکی خوێنەر دەدوێنێت و، هەستەکانیشی لە ڕێگەی وێنە شیعرییەکانەوە دەبزوێنێت و لە ناخەوە قەناعەتێکی پێ دێنێ، بۆیە بابەتە فێرکارییەکان لە ڕێگەی بیرەوە دەخرێنە نێو دەروونی وەرگر و باوەڕێکی هەمیشەیی بۆ دروست دەکەن)) (حسن عون: ١٩٨٧: ٩٤).

ئەم کاریگەرییەی شیعر هەر لەسەردەمی منداڵیدا لەسەر تاك دەردەکەوێت تا هەموو قۆناغە جیاوازەکانی تەمەنی مرۆڤ و ئەمەش بە پێی سروشتی تێکستی شیعریی گۆڕانی بەسەردادێت، چونکە وەك دیارە هەر قۆناغێك و تەمەنێك پێویستی بەجۆرێك لە جۆرەکانی شیعرە، کە گونجاو بێت لەگەڵیدا لەمەشدا جۆر و زمانی شیعر ڕۆڵێکی دیار دەبینێت. بۆ نموونە لە جۆری شیعری منداڵاندا (( نووسەر و شاعیر بە کەڵك وەرگرتن لە ئەزموون و زەوق و زانین ئەچێتە ناو دنیای پڕ لە شادی و پرسیاری منداڵ و بە زمانێکی ساکار لەگەڵیدا پێوەندی ئەگرێ و بیر و هزری ئەهەژێنێ)) ( شەریف فەلاح: ٢٠١٣: ٦٥٨). دواتریش بەپێی تێپەڕبوونی تەمەن و ئەزموونی خوێنەر چی مەبەست بێت لە جۆرە جیاوازەکانی شیعردا دەیدۆزێتەوە.

شیعر کاریگەری بەهێزی لەسەر فێرکردنی چەمکە جیاوازەکانی ژیانی مرۆڤدا هەیە و لە ڕێگەی شیعرەوە خوێنەر ئاشنای چەندین چەمکی جیاواز دەبێت، ئەم ئاشنا بوونە بە چەمکە جیاوازەکانی ژیان بە پێی دیارخستن و وێناکردنی چەمکەکان دەگۆڕێت. هەر وەك ئەوەی شیعری منداڵان لە هەوڵی ئەوەدایە هەندێك چەمکی پەروەردەیی و فێرکردن بە دنیای منداڵان بناسێنی، کە جیاوازن لەو چەمکانەی، کە بۆ قۆناغە باڵاکانی دیکەی خوێنەر دەنووسرێت، یاخود (( شیعری فێرکردن بۆ توێژێك لە نەخوێندەواران و یان ئەوانەی ئارەزووی فێربوونیان هەیە ئاراستەدەکرێن. کەواتە شیعری فێرکردن خۆی مەبەستەو مەبەستە گشتییەکەشی فێرکردنەو، هەر کەسێك ئومێد دەکات تێی بگات، چونکە لە بازنەی سوودبەخشین و ڕەواییدا دەخولێتەوە. پرۆسەی سوود وەرگرتنیش لە ڕێگای ئەزبەرکردن یان خوێندنەوە یان گوێگرتن ئەنجام دەدرێت)) ( ئەحمەد قەرەنی: ٢٠٠٧: ٢٨).

شیعر چەمکێکە پەیوەندی بە ژیانەوە هەیە و شاعیریش ناتوانێت بەشێکی دابڕاو بێت لە کۆمەڵگەو دوورە پەرێز بوەستێت. هەر لەبەرئەوەیە شاعیر دەبێت لە هەوڵی ئەو هاوکێشە ئینسانییەدا بێت، کە لە لایەکەوە لەگەڵ خۆی و دەوروبەرەکەیدا ڕووبەڕووی دەبێتەوە، لەلایەکی ترەوە لەگەڵ ئەو مەبەست و ئامانجەی،


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

کەدەیەوێت لە ڕێگەی شیعرەوە بیگەیەنێت. ئەویش بەزمان و شێوازێکی هونەری کە ئاوێتەی ئەو واقیعە بێت، کە شیعری لە پێناودا دەنوسێت بەمەبەستی کاریگەری نواندن و گۆڕینی هزرو جیهانبینی تاك، چونکە شاعیر هەمیشە بەوردی دەچێتە قولایی ڕەهەندەکانی ژیانەوەو پێیان کاریگەر دەبێت. ڕووداوە جۆراوجۆرەکان کار لە دەروونی دەکەن و جارێکی تر لە ئەندێشەی خۆیدا وێنەیان دەگرێتەوەو سەر لەنوێ دایان دەڕێژێتەوە دەیانداتەوە بەخوێنەر. ئەمەش لە بنچینەدا بۆ ئەو مەبەستەیە کە خوێنەر بە شێوەیەکی هونەری جوانترو کاریگەرتر لەو ڕەهەندو دیاردانە تێبگات، کە شیعر وەك پەیامێك دەیگەیەنێت کە دواجار کاریگەری زۆری لەسەر ئاراستەکردنی هزری هەر تاکێك لەتاکەکانی کۆمەڵگە دەبێت و هەریەکێك بەئەندازەی تێگەیشتنی خۆی کاری لێدەکات. ئەمەش وادەکات کەبەپێی چێژو پەیامی شیعرەکە ئاراستەی بیرکردنەوەی بگۆڕێت و بکەوێتە ژێر هەژموونی ئایدۆلۆژی ئەو پەیامەی، کە شیعر لەناوەرۆکدا هەڵیگرتووە و گۆڕانی ڕیشەیی لە پێکهاتەی ڕەوشتی و پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی و سیاسی کۆمەڵگەدا لێبکەوێتەوە. هەر بۆیە شیعر دەبێت هەردەم خاوەنی پەیامێکی مرۆڤ دۆستانە بێت تا بتوانێت ئامانجەکانی بپێکێت و دوارۆژی کۆمەڵگە ڕووناك بکاتەوە، کە زۆرجار ئەمەش وەستاوەتە سەر راستگۆیی شاعیر لەگەیاندنی پەیامەکانیدا، چونکە تا شاعیر راستگۆتر بێت لە گواستنەوەی ئەزموون و تاقیکردنەوەکانیدا ئەوا زیاتر دەتوانێت وردتر بێت لە وێنەکێشانی ئەزموونەکانی بەشێوەیەکی هونەرییانە و گەیاندنی پەیامەکانی بە جۆرێك کەوا لە خوێنەریش بکات لەگەڵ هەڵچوونەکانیدا هەنگاوبنێت و بەشدارو هاوبەشی سۆزو ئازارو ئارەزووەکانی بێت.

باسی دووەم : ئەرکی شیعر لە قۆناغی کلاسیزمی نوێی کوردیدا

شیعر هەر لەکۆنەوە و لەسەردەمی یۆنانییەکانەوە وەك ژانرێکی ئەدەبی گرنگ و بالا لێی ڕوانراوە و لەلایەن فەیلەسوفەکانەوە هەست بە ئەفسوون و کاریگەرییەکەی کراوە، جا ئەمە چ وەك لایەنە هونەرییەکەی و نەخشاندنی ئەو وێنە شیعرییانەی شاعیر لە ئەندێشەیدا بەکاریهێناون، لە گەیاندنی چێژو جوانی و کارکردنە سەر دڵ و دەروونی خوێنەر و، چ وەك گەیاندنی ئەو پەیامەی کە لەناواخنی دا بوونی هەیە.

ئەم کاریگەرییەی شیعر لەسەر تاك و کۆمەڵگە وای لە ئەفلاتوون کرد کەشاعیران لە کۆمارەکەیدا وەدەربنێ و کاریگەری راستەقینەی شیعر لەسەر کۆمەڵگە بخاتە ڕوو، چونکە پێی وابوو شاعیران ئەرکە ڕەوشتی و کۆمەڵایەتی و ئاینییەکانیان وەلاناوەو لە ڕێگەی دەقەکانیانەوە تەنیا کار لەسەر وروژاندنی هەست و سۆزی تاکەکان دەکەن و لە دواجاردا تێکچوونی شیرازەی کۆمەڵی لێدەکەوێتەوە، کەواتە لێرەدا ڕۆڵ و بەهای خودی شیعر لەسەر کۆمەڵگە ڕوون دەبێتەوە، هەربۆیە کاریگەری و هێزی شیعر هەر لەکۆنەوە بۆتە جێی سەرنج و باسی بیرمەندان و فەیلەسووفان (سێر فیلیپ سدنی) لە بارەی کاریگەری شیعرەوە دەڵێت: (شیعر پایەیەکی بڵندتری هەیە لە فەلسەفەو مێژوو، چونکە ئەو حەقیقەتە گشتییە پێشکەش ئەکا کەمەبەستی فەلسەفەیە، بەڵام بەشێوەیەکی هەستپێکراوو زیندوو. شیعر حەقیقەتە تایبەتییەکان بە خەیاڵ ئەگۆڕێ بە حەقیقەتی گشتی و چاکەو خۆشی پێشکەشی مرۆڤایەتی دەکات) (جمال حبیب الله: ٢٠١٣: ١١٦).

بۆیە شیعر لەناواخنیدا خاوەنی هێزێکی کاریگەرو سەرسوڕهێنەرە و کۆکردنەوەی هەموو دیاردە تەبا و دژ بەیەکەکانە لەناو بازنەیەکداو خوڵقاندنی دەنگی نوێ و ئاوازی نوێ و دەربڕینی نوێیە. لەشیعردا هەست



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

بەبوونی واقیع دەکەین لە قالَبێکی فەنتازیدا، کە زۆرجار واقیعمان جوانترو سەرنجراکێشتر دەخاتە بەرچاو وەك لەو بینینە راستەقینەیەی، کە خۆمان هەستی پێدەکەین و دەیبینین.

ئەم بەهاو گرنگییەی شیعر لە ئەدەبی کوردیشدا رەنگیداوەتەوە، کە هەر لەسەرەتای نووسینی ئەدەبی کوردییەوە، هەتا ئێستاش شیعر وەك ژانرێکی بالأی ئەدەبی خۆی نواندووە، کە بێگومان سروشتی کۆمەلگەی کوردی و بارودۆخی سیاسی و کۆمەلأیەتی و ئابوری رۆلی لە بالأ دەستبوونی ئەم ژانرە ئەدەبییەدا هەبووە، شیعری کوردی هاوشانی بارودۆخە جیاوازەکان و هاتنە پێشەوەی واقیعە نوێیەکان هەنگاوی ناوەو لەهەر سەردەمێکدا دەربڕی ئەو بارودۆخ و قۆناغە بووە کە پێیدا تێپەڕیوە، بۆیە شیعر وەك بەشێك لە ژیان لێی دەڕوانرێت، هەرچەندە شاعیر هەولی گۆشەگیری و دورەپەرێزیش بدات لەکۆمەلگەکەی ئەوا دواجار بەرهەمەکانی دەبن بەو ئاوێنەیەی کە واقیعی کۆمەلگەکەی خۆی وێنا دەکاتەوە، بۆیە شیعر و واقیع پەیوەندییەکی دانەبڕا و وابەستەییان بەیەکەوە هەیە بەجۆرێك کە لە ناو بەشێکی زۆری بەرهەمە ئەدەبییەکان وبەتایبەتی لەشیعردا هەست بەبوونی ئەم پەیوەندییە پتەوە دەکرێت.

ئەگەر ئاورێك لە مێژووی ئەدەبی کوردی و قۆناغی پاش سەدەی نۆزدە بدەینەوە ئەوا دەبینین شیعری کوردی گۆڕان و نوێبوونەوەی بە خۆیەوە بینیوە، کە بێگومان ئەمە لەلایەکەوە پەیوەندی بەگۆڕانی بارودۆخی کۆمەلگەی کوردییەوە هەبووە، لەلایەکی دیکەشەوە بەهۆی سوود وەرگرتنی شاعیرانی کورد بوو لە ئەدەبیاتی بێگانە و چوونە دەرەوەی هەندێك لە شاعیران و بەستنی پەیوەندییان لەگەل ئەدەبیاتی نوێی ئەورووپی و دەوروبەردا و هەروەها ڕوانین و وردبوونەوەی شاعیرانمان لەو بارودۆخە نالەبارەی میللەتی کورد ڕووبەڕووی بووبۆوە، بەراوردکردنی لەگەل ئەو کەش و هەوا سیاسی و کۆمەلأیەتی و شارستانی و رۆشنبیرییەی، کە ولأتانی دیکە تێیدابوون وای لە شاعیران کرد کە شیعر بکەنە پەیامێك بۆ وشیاری سیاسی و کۆمەلأیەتی و بەئاگا هێنانەوەی کۆمەلگە، لەچەندین دەردی کوشندەی وەك نەخوێندەواری و هەژاری و دواکەوتوویی ...هتد.

لە ناوەراستی سەدەی نۆزدە بەدواوە ئەرکی شیعر لە ئەدەبی کوردیدا ئەوەندەی خاوەن ئەرکێکی سیاسی و کۆمەلأیەتی بوو، هێندە ئەرکی چێژ بەخشین و جوانکاری و رازاندنەوە نەبووە، هەربۆیە شیعری ئەم قۆناغە لە ئەدەبی کوردیدا بە (کلاسیزمی نوێ) یان شیعری (سیاسی _کۆمەلأیەتی )ناسرا کەمەبەست لێی ئەو جۆرە شیعرانەبوون کە لەناوەڕۆکدا بیری نوێخوازیی و پێشکەتنخوازییان هەلگرتبوو، لەپێناو خزمەتکردنی بارودۆخی کۆمەلأیەتی و خەباتی نەتەوەیی و بیری شۆڕشگێرانەدا دەنوسران و هاندەربوون بۆ ئاڕاستەکردنی جەماوەر بەرەو ڕەوتی کوردایەتی و بنەما نەتەوایەتییەکان وچارەسەرکردنی کێشە کۆمەلأیەتییەکان. هاتنە پێشەوەی ئەم بارودۆخە نوێیە ئەرکی شیعری بەرەو ئەرکێکی سیاسی و کۆمەلأیەتی بردو تا ئەندازەیەکی زۆر شاعیرانی لە وەسف کردنی خەت و خال و زولف و برۆو بنەما کلاسیکییەکانی دیکە دورخستەوەو خەمی بەئاگاهێنانەوەو خوێندەواری و پەروەردەو فێرکردن و فراوان کردنی جیهانبینی تاك بووە سەرەکیترین ئەو رەهەندو مەبەستانەی کە پێویست بوون بۆ ئەو قۆناغ و سەردەمە ((بەلأم وە نەبێ لەڕووی روخسارەوە تەنیا قالبی کلاسیکی کۆنی وەرگرتبێ بەلکو هەندێ جار شاعیری کورد کێشی سیلابی خۆمالی و قافیەی ڕەنگاوڕەنگیشی بەکارهێناوە بۆ دەربڕینی بیروڕای سیاسی)) (مارف خەزنەدار: ١٩٨٤: ١٣٠) شاعیرانی وەك حاجی قادری کۆیی ،



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

زێوەر، ئەحمەد موختار جاف ...هتد لەو شاعیرانە بوون کە دەقەکانیان کردە پەیامی وشیاری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئاینی و خوێندەواری و زانست پەروەری و بەرگریکردن لە مافی ئافرەت و ڕووبەڕووبوونەوەی هەموو ئەو بیروباوەڕە خورافی و دواکەوتووانەی کۆمەڵگەی کوردی گیرۆدەی بووبوون.

شاعیرانی کورد لەم قۆناغەدا ببوونە نوێنەری راستەقینەی میللەت و دەنگی چەوساوەو هەژاران و چینە بەشخوراوەکانی کۆمەڵگەیان بوێرانە دەردەبڕی و بەگژ هەر دیاردەیەکدا دەچوونەوە، کە دەبووە هۆی دواکەتن و لەناوبردنی ئاواتەکانی میللەت، واتا شاعیران وەك تاکێکی کاراو لە پێناو بەدیهێنانی بنەما مرۆڤایەتی و نەتەوایەتییەکان کاریان دەکردو تێدەکۆشان.

باسی سێیەم: زمانی شیعری زێوەر

زمان یەکێکە لە ڕەگەزە هەرە سەرەکییەکانی شیعر و، ڕۆڵی سەرەکی لە پێکهاتەی شیعردا هەیە و بەبێ زمان هیچ دەقێك بەرهەم نایەت ((زمان نەك هەر کەرەسەیەکی گرینگە بۆ دەربڕینی هزری مرۆڤ، بەڵکو خۆیشی بابەتێکە بۆ تێفکرین و تێڕامان و پێویستە یاساو ڕێسای کایەکانی هزر و مەعریفە لەسەر ئەم بابەتە نوێیەش دابەزێنرێن)) (عەبدولخالق یەعقووبی: ٢٠٠٨: ٦٥)، چونکە ئەگەر زمان لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا ئامرازێك بێت بۆ پەیوەندیکردن و گەیاندن لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵدا، ئەوا ڕۆڵی زمان لە شیعردا دەگۆڕێت و دەبێتە ئامانجێك بۆ خولقاندن و داهێنان، چونکە ((زمان لە شیعردا ئەوەندەی زمانی بەدیهێنان و داهێنانە هێندە زمانی دەربرینێکی ئاسایی نییە)) (محمد العبد حمود:١٩٨٦:١٧٠) لەبەرئەوە زمانی شیعر جیاوازە لە زمانی ئاسایی ، هەرچەندە ئەو وشەو زاراوانەی لە شیعردا بەکاردێن هەمان ئەو وشەو زاراوانەن کە لە زمانی ئاسایدا بوونیان هەیە، بەڵام ئەوەی وادەکات جیاوازی لەنێوانیاندا دروست بێت ئەوەیە، کە شاعیر بەشێوەیەکی تایبەتی و جیاواز مامەڵە لەگەڵ زماندا دەکات و بەکاری دەهێنێ و تایبەتمەندی شیعری پێدەبەخشێت ((بێگومان جیاوازی نێوان زمانی شیعر و زمانی ئاسایی بەهۆی وشەو زاراوەو دەستەواژەکانەوە نییە، کە لە زمانی ئاسایی یاخود لە زمانی شیعردا بەکاردەهێنرێن، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ شێوازی بەکارهێنان و ڕێکخستنی وشەکان لە ناو سیاقی ڕستەدا. شاعیر هەوڵدەدات واتایەکی قووڵ و تایبەتی بداتە وشەکانی ناو شیعرەکەی و بەهۆیەوە ئاستی شیعرەکەی بەرەو باڵا دەبات))( ئاسۆ عومەر مستەفا: ٢٠٠٩: ٨٤)،

بەو هۆیەشەوە شاعیر لەڕێی زمانەوە دەتوانێت چەندین وێنەی هونەری بەرز بخولقێنێت و کاریگەرییان لەسەر خوێنەر بەجێبهێڵێت، چونکە ((زمانی شیعر زمانی وێنەکێشانی چڕو خەیاڵێکی تیژی بنیادنەرە)) (عبدالقادر رباعی: ١٩٩٩: ١١٠). وەك دیارە بەکارهێنانی زمان و گواستنەوەی لە فۆرمی ئاسایی و فەرهەنگی و پەیوەندیکردنەوە بۆ فۆرمێکی شیعری ئەرکێکی گرانە و لەدەسەڵاتی شاعیری بەتواناو لێهاتوودایە، چونکە هەموو شاعیران لەبەکارهێنانی زماندا توانایان وەك یەك نییە، هەندێك جار شاعیر لەبەکارهێنانی وشەو زاراوەکانی زماندا دەسەڵاتێکی باڵای هەیە ، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ شارەزایی شاعیر لە چۆنێتی و چەندێتی بەکارهێنان و یاریکردن بەوشەکانی ئەو زمانەوە کە بەکاری دێنێ ((زمانی شیعر زمانێکی تایبەتەو لە ئەنجامی بەکارهێنانی تایبەتی زمانەوە دروست دەبێت بۆ دۆزینەوەی مانای نوێ و دورکەوتنەوە بە پێی تواناو دەسەڵاتی


کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

شیعری شاعیر لە شێوازی دەربرینی ڕاستەوخۆو گەیاندنی مانا فەرهەنگییە ڕووتەکان)) (پەرێز سابیر: ٢٠٠٦: ٢٨٧).

کەواتە دەتوانین بڵێین: زمانی شیعر زمانێکی تایبەتە کەلەلایەن شاعیرەوە بەکاردێت و تایبەتمەندی شیعری پێدەبەخشرێت لە چوارچێوەی خەیاڵێکی بەرزو ئەندێشەیەکی کاریگەردا و لە بۆتەیەکی هونەریدا وشەو ڕستەکانی دەردەبڕدرێن، هەر لەبەر ئەوەشە، کە شیعر نوێبوونەوەو زیندووبونەوە بەزمان دەبەخشێت (( شیعر بەردەوام زمانی تایبەتی خۆی هەیە سروشاوی و ئاڵۆزە توانای وروژاندنی هەیە لە ویژدانێکی قووڵەوە سەرهەڵدەدات)) ( طاهر احمد مکی: ١٩٨٠: ٧٦).

ڕەنگە ئەو نوێبونەوەیەی زمان کە بەهۆی شیعرەوە ڕەنگرێژ دەبێت ئەم بۆچوونەی هۆراس بەتەواوی بسەلمێنێت کەلە بارەی گۆرانی زمان لەسەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی ترو هاتنە کایەی وشەی نوێوە دەڵێت: ((زمان وەك درەخت وایە و زاراوەکان وەکو گەڵا وان و بەتێپەڕبوونی کاتیش گەڵا کۆنەکان دەوەرن و گەڵای نوێ جێگەیان دەگرنەوە )) (هۆراس: ١٩٧٩: ١٨). بۆیە لەم ڕووەوە دەتوانین بڵێین: ئەو زمانەی شاعیرانی کلاسیك بەکاریان هێناوە زمانێکی تێکەڵی پڕ لە وشەی بێگانە بووە، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات و لەگەڵ گۆڕانی بارودۆخە جیاوازەکان، زمانی شیعری کوردیش گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، زمان لای شاعیری کلاسیك ڕێگەیەك بووە بۆ گەیاندنی بیرۆکەو داهێنانی شیعریی و وشەکاری و ڕازاندنەوەی دەقەکان، بۆیە گرنگیدان بە چۆنێتی ڕیزکردنی وشەو بەکارهێنانی بەشێوازێکی جوان لای شاعیرانی کلاسیك لەوپەڕی لوتکەدا بووە، بەکارهێنانی وشەی بێگانەش لە دەقی شیعریدا تواناو باڵا دەستی شاعیری لە چۆنێتی بەکارهێنانی زماندا پیشانداوە، وەك نالی شاعیر لەم بەیتەدا دەڵێ:

فارس و کوردو عەرەب هەرسێم بەدەفتەر گرتووە

نالی ئەمڕۆ حاکمی سێ مولکە دیوانی هەیـــــــە (دیوانی نالی: ٥٧٧)

لێرەدا شاعیر شانازی بە خۆیەوە دەکات و توانای خۆی لە بواری شیعر وتن دا دەخاتە ڕوو، کە جگە لە زمانی کوردی توانای هۆنینەوەی هۆنراوەی بەزمانی بێگانەش هەیە. بەڵام ئەگەر لە زمانی شیعری کلاسیکی نوێ وردبینەوە، ئەوا جیاوازی لەگەڵ قۆناغی پێش خۆیدا بەدی دەکرێت، چونکە ئەرکی شیعر لەم قۆناغەدا گۆڕانی بەسەردا هاتووەو شیعر خاوەن ئەرکێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی بووە، ئەمەش وای لە شاعیران کردووە مەبەست و پەیامەکانیان ئاسانتر بگەیەننە هزری خوێنەر، بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە شیعری ئەم قۆناغە بەتەواوەتی دوور لەوشەی بێگانە بووبێ، شاعیر ئەوەندەی لەتوانایدا بووبێت هەوڵیداوە مەبەستە شیعرییەکانی ڕەوانتر دەربڕێت،

زێوەر وەك شاعیرێکی دیاری سەردەمەکەی لەگەڵ خەمی کۆمەڵگەکەیدا ژیاوە بەتایبەتی کاتێك هەستی بە باری دواکەوتوویی میللەتەکەی کردووە لەبواری ڕوناکبیری و ڕۆشنبیریدا بە بەراورد بەمیللەتانی دیکەی دەوروبەر، چونکە شاعیر پێشکەوتنی میللەتانی بەچاوی خۆی بینیبوو بەتایبەتی پاش چوونی بۆ ئەستەمبوڵ و مانەوەی چەند ساڵێك لەوێ، وای کردووە کەبەتێڕوانین و جیهانبینییەکی نوێوە مامەڵە لەگەڵ شیعرو ئەرکی شیعردا بکات، ئەمەش زیاتر هانی شاعیری داوە کەمەبەستە شیعرییەکانی بەزمانێکی ڕەوان و سادەو ساکار بهۆنێتەوە،



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

هەرچەندە زێوەر شارەزاییەکی باشی لە زمانی فارسی و عەرەبی و تورکی دا هەبووە، بەڵام چەندی بۆ کرابێت هەوڵیداوە خۆی لەبەکارهێنانی وشەی بێگانە بەدووربگرێت، بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین زمانی شیعری زێوەر بەسەر دووجۆری سەرەکیدا دابەش بکەین:

یەکەم/ بەکارهێنانی وشەی بێگانە:

شاعیرلەبەشێك لەشیعرەکانیدا پەنای بردۆتە بەر بەکارهێنانی وشەی بێگانە، ئەمە زیاتر لەو دەقانەدا بەرچاودەکەون کە خۆیان لە قاڵبی غەزەل و بابەتی خۆشەویستی دا دەبیننەوە، بەڵام بەگشتی ((زمانی شیعری زێوەر لە دوو وێنەی جیاوازدا خۆی دەنوێنێ. لە شیعرە عەرووزییەکانیدا تا پلەیێك وشەی بێگانە بەکار دێنێ، بەپێچەوانەوە لە شیعرە میللی و خۆماڵییەکانیدا بەتایبەتی جووت قافیەکان زیاتر وشەی کوردی پەتی بەکار دێنێ)) (مارف خەزنەدار: ٢٠٠٥: ٢٣٤). گرتنەبەری ئەم شێوازە دەربڕینەش لای شاعیرانی ئەو قۆناغە دیاردەیەکی ئاسایی و سروشتی بووە، ئەویش بەحوکمی ئەو دەوروبەرو بارودۆخ و سەردەمەی تیایدا ژیاون و شاعیرچاوی تێدا کردۆتەوە وای کردووە کاریگەری و ڕەنگدانەوەی لەسەر بەرهەمە ئەدەبییەکان هەبێت . شاعیر لە شیعری (چۆن ڕەحمی ئەبێ) هاوشێوەی شاعیرانی کلاسیك دڵی یارەکەی لە بێ ڕەحمی و ڕەقی دا وەك بەرد دەبینێ ، دەمیشی لە بچوکی و تەنگی دا وەك خونچە دەکێشێ و دەڵێ:

چۆن رەحمی ئەبێ ئەو دڵە ڕەقە هەر وەکو سەنگە
کەی نەتقی ئەبێ ئەو دەمە وەك خونچەیی تەنگە
ئەو چاوە بەشەڕ عاشقە، من تالیبی سوڵحـــــــم
گەر سوڵحە وەگەر جەنگە دەسا فەرموو درەنگـــە(دیوانی زێوەر:١٧٤)

دووەم/ هەنگاونان بەرەو کوردی پەتی:

ئەگەر لە بەشێکی زۆری شیعرەکانی زێوەر بڕوانین ئەوا هەست بە دورکەوتنەوەی شاعیر دەکرێت لە بەکارهێنانی وشەی بێگانە، بەجۆرێك کە شاعیر هەوڵی بەکارهێنانی کەرەستەو دەربڕینە خۆماڵییەکان دەدات، کاتێکیش پەنا بۆ بەکارهێنانی وشە بێگانەکانەکان دەبات ئەوا ((شاعیر ئەو وشە بێگانانە هەڵدەبژێرێ بۆ شیعری خۆی ئەوانەی لای کورد پەسەند کراون و وەرگیراون و بوون بەبەشێك لە زمانی کوردی و بەکارهێنانیان لە لایەن شاعیرەوە زیاتر مۆرکی زمانی کوردییان پێ دەبەخشێ)) (مارف خەزنەدار: ٢٠٠٥: ٢٣٥). بەتایبەتی لەو دەقانەی کە هەستی نیشتمانی و پەیامی کۆمەڵایەتی و پەروەردەکردنی منداڵانیان تێدا دەبینرێت، بۆیە پەنابردنی شاعیر بۆ کەرەسە خۆماڵییەکان و دورکەتنەوەی لە وشەو دەربڕینە بێگانەکان دەگەڕێتەوە بۆ چەند خاڵێك:

١-بەشێکی زۆری مەبەستە شیعرییەکانی زێوەر لە چوارچێوەی هەستی کوردایەتی و کێشەو گرفتە کۆمەڵاتییەکاندا خۆیان دەبیننەوە، ئەمەش وای کردووە زمانە شیعرییەکەشی ڕەوان و سادەو ساکار بێت بەشێوەیەك بەشێکی زۆری خەڵکی لێی تێدەگەن، واتە شاعیر لەئەنجامی هەستکردنی بەبەرپرسیارێتی بەرامبەر کۆمەڵگەکەی و پیشاندانی گیروگرفتەکان و گەیاندنی پەیامەکەی پەنای بردۆتە بەر بەکارهێنانی زمانێکی سادەو رەوان . لەبەر ئەوە ((بەشێوەیەکی گشتی شاعیر ژیانێکی تازە دەداتە ئەو وشانەی دەچنە ناو کەرەستەی



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130)    p-ISSN (2410-1036)

دروستبوونی شیعرەوە، لە حاڵەتی وەستان و تەزینـەوە "بـەنج بوونـەوە" دەیانبـا بـۆ حاڵـەتی بەخۆهاتنـەوە و بزووتنەوە، لە مانای بەندیخانەی فەرهەنگ دەردەچن بۆ مانای ئازادی شیعرایەتی، لەبەر ئەوەیە ئەو وشانە لە شیعری زێوەردا بەشێوەیێکی دیکە دەکەونە بەرگوێی خوێنەر)) (مارف خەزنەدار: ٢٠٠٥: ٢٣٤).

٢-شـاعیر بەشـێکی زۆری ئـەزموونی ژیـانی بەپیشـەی مامۆسـتایەتییەوە بەسـەربردووە ، تێکـەڵاوی چـینە جیاوازەکانی کۆمەڵگە بووە، بۆیە پیرۆزی پیشەکەی لـە ژیـانی شاعیرێتییشـیدا ڕەنگی داوەتـەوەو بەشـێکی زۆری شیعرەکانی لە بواری سروودو پەروەردەو فێرکردنی منداڵاندا هۆنیوەتەوەو لەم بوارەدا ڕێچکە شـکێن بـووە، بـۆ ئەم مەبەستەش پێویست بووە ئەو جۆرە وشانە بەکاربهێنێت کە سادەو ئاسان و ڕەوانن، تـا ئەرکە پـەروەردەیی وڕەوشتییەکان بەشێوازێکی باشتر و ڕەوانتر بگەیەنێتە گەورەو منداڵان و بەئاسـانی لـە مەبەسـتە شـیعرییەکانی تێ بگەن. شاعیر لە شیعری( ڕۆڵە بخوێنـە)دا بـە زمـانێکی سـادە ڕۆڵـەکانی میللەتەکـەی لـە گرنگی خوێنـدن و خوێندەواری ئاگادار دەکاتەوەو دەڵێ:

ڕۆڵە مەترسە کوڕم بخوێنـــــــــــە
لەناو عالەما زوو خۆت بنوێنــــــە
ئەگەر کەڵوڕی، ئەگەر بڵباســـــی
کەخوێندەوار بووی ڕێی خۆت ئەناسی (دیوانی زێوەر: ٣٢١ ).

شاعیر لەم پارچە شیعرەدا پـەنای بردۆتـە بـەر بـەکارهێنانی وشـەی سادەو سـاکار هەرچـەندە چـەند وشـەیەکی عەرەبی لە دەقەکـەدا بەرچاودەکەون، بـەڵام مانـای وشـە عەرەبییـەکان ئاسـانن و لـەلای خـەڵکی ئـەو سـەردەمە بەکارهاتوون و تێگەیشتنیان ئاسان بووە وەك وشەکانی( عالەم، ئەجداد، ئاباء، عیلم، نیفاق، ئیتیفاق، ...هتد) .

زێوەر لە شیعری (گۆرانی هیوا)دا وەك مرۆڤێکی گەشبین وشاعیرێکی ڕۆشنبیر تۆوی ئومێدو هیوا لـەناخ و دڵ و دەروونی لاوانی میللەتکەی دا دەچێنێ و داوایان لێدەکات، کە هەردەم بە ئومێدو هیـواوە هـەنگاوبنێن لـە پێنـاو بـەدیهێنانی سەربەسـتی و ئـازادی نیشـتماندا، چونکە نـەبوونی ئومێـدو هیـوا مـرۆڤ بـەرەو ڕێگـەی ڕەشـبینی و نائومێدی دەبات:

تا دەست لەمل هیوانەکەم شەرتە نەنیشم قەت بەتاڵ
بۆ لاوی تازەی قەومی کورد ببمە نموونەی بێ میثال
تا دەست لەمل هیوا نەکەم شەرتە نەنیشم قەت بەتاڵ
بووەتە شیعارو کردەوەم سەربەستی و ئازادی وەتەن
لەم ڕێگوزارەش بم زەبوون، نابینم ئاثاری مـــــــەلال (دیوانی زێوەر: ٢٠٧).

لەبەرئەوەی زمانی شیعری لای زێوەر بۆ گوزارشت کردن بـووە لـە ئـێش و ئـازارو خـەون و ئـاواتی میللەتەکـەی، ئەمە وای کردووە کە شـاعیر زۆر خـەریکی وشـەکاری و ڕازاندنـەوەو لایـەنی ڕەوانبێـژی نـەبێت وەك ئـەوەی لـە شیعری کلاسیکیدا بـەدیکراوە، چونکە شـاعیر لـەم شـیعرانەیدا ئامـانجی سـەرەکی گەیانـدنی پـەیام و دەربڕینـی بیروباوەڕەکەی و وشیارکردنەوەی میللەتەکەی بەتایبـەتی چینی نەخوێنـدەوار بـووە، کـە زۆرینـەی کۆمەڵگەی کوردییان پێکهێنابوو.



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

## بەشی دووەم

### کاریگەری و ڕۆڵی شیعری زێوەر لە بواری پەروەردەو فێرکردندا

لە کۆتایی سەدەی نۆزدەو سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا ئەرکی شیعر لە ئەدەبی کوردیدا گۆڕانی بەسەردا هات، خستنەڕووی بابەتە کۆمەڵایەتی و ڕەوشتی و پەروەردەییەکان و تێکۆشان بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەسیاسی و نەتەوایەتییەکان بوونە ئەرکی سەرەکی شیعری قۆناغەکە، بۆیە لەم قۆناغەدا ((شیعر بووە دەفری ئەو بیرو مەبەستە گرنگانەی کە پێویستی سەردەمەکە بوون، لەبەرئەوە پەیامی شیعر جددییەتی بەخۆوە گرت و لەوە دەربازی بوو، بۆ چەشەی شاعیرو دەرخستنی تواناکانی بنووسرێت)) (ئیدریس عەبدوڵڵا مستەفا: ٢٣٠).

ئەم ئەرکە نوێیەش کە شیعر گرتییە ئەستۆی خۆی پەیوەندی بەگۆڕانی بارودۆخی سەردەمەکەوە هەبوو لەڕووە جۆربەجۆرەکانی ژیانی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیدا، بۆیە شاعیرانی کورد بوونە پێشەنگی کۆمەڵگە لەڕووی ڕێبەرایەتی و ئاراستەکردنیان بەرەو چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکان و هاندانیان بەرەو خوێندن و زانست پەروەری و پێشخستنی کۆمەڵگە لەڕووەکانی دیکەی ژیانەوە.

زێوەری شاعیر لەڕووی خۆبەستنەوەی بەواقیعی سەردەمەکەیەوەو شۆڕبوونەوەی بەناخی واقیعە کۆمەڵایەتی وسیاسییەکەدا شاعیرێکی وشیارو خەم خۆر بووەو هەستی بە نالەباری واقیعیی ژیانی میللەتەکەی کردووە، هەوڵیداوە ئەو کەلێن و بۆشاییانەی لەناو کۆمەڵگەکەیدا بوونیان هەیە لە ڕێگەی دەقی شیعری و لە چوارچێوەیەکی هونەریدا پڕیان بکاتەوە، هەروەها لە ڕووی دەربڕینی بابەتە ڕەوشتی و پەروەردەیی و فێرکارییەکاندا بەیەکێك لەشاعیرانی پێشەنگ لەم بوارەدا دادەنرێت، بەتایبەتی لەڕووی ڕێنمایی کردن و ئامۆژگاری و بڵاوکردنەوەی پەیامی زانسخوازییەوە ئەرك و پەیامێکی پیرۆزی لەئەستۆ گرتووە، ئەوەی شاعیر مەبەستی بووە بیخاتە ڕوو ئاراستەکردنی کۆمەڵگە بووە، چونکە زێوەر جگە لەوەی شاعیرێکی خاوەن پەیام بووە لەگەڵ ئەوەشدا بەشێکی زۆری ژیانی بەپیشەی مامۆستایەتییەتەوە بەسەربردووە ئەمەش وای کردووە شاعیر وردترو وشیارانەتر لە ڕووداوەکان بڕوانێت و پەیامەکانی بەشێوازێکی پەروەردەیی و ڕەوشتیانە و لەچێوارچێوەیەکی هونەریدا ئاراستەی کۆمەڵگە بکات و لەو ڕێگەیەشەوە هەوڵێکی بێپایانی لەپێناوی بەرزکردنەوەی ئاستی رۆشنبیری کۆمەڵگەکەیدا داوە. لەهەربوارێك دا کە پێویست بووبێت بۆ بەرەوپێشچوونی هزری تاکەکان توانیویەتی لەوپێداویستییانە بدوێت کە بارودۆخی سەردەمەکە هێنابوونییە پێشەوە، چونکە لەگەڵ گۆڕانی بارودۆخی سەردەم و چۆنێتی تێروانینی شاعیر بەرامبەر ئەو بارودۆخە نوێیەی هاتبووە پێشەوە چیدی بابەتەکانی شیعری کلاسیکی نەیاندەتوانی پێداویستییەکانی کۆمەڵگە پڕ بکەنەوەو خەون و هیواو ئاواتەکانی شاعیر بهێننە دی.

ئەگەر لە بەشێکی زۆری شیعرەکانی زێوەر وردبینەوە ئەوا دەربڕینی ئێش و ئازاری میللەت و وێنەی خەباتی نەتەوەیی لەپێناو گەیشتن بەمافە ڕەواکانی و ڕێنمایی کردن و ئامۆژگاری و هاندان بۆ ڕووکردنە خوێندن و خوێندەواری و گرنگیدان بە زانست پەروەری دەبینرێت، کەلەم ڕووەوە ئەم جۆرە ناوەرۆك و دەربڕینە بۆ ئەو سەردەم و قۆناغە پێداویستییەکی سەرەکی بووە، دیارترین ئەو ناوەرۆکە پەروەردەیی و فێرکارییانەی لە شیعری زێوەردا بەرچاودەکەون خۆیان لەم چەند بابەتەدا دەبیننەوە:


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

باسی یەکەم: بابەتی پەروەردەی منداڵ:

ئاوڕدانەوە لە جیهانی منداڵان و بایەخپێدان و دەربڕینی خەون و هیواکانیان و ڕەنگدانەوەیان لە شیعری کوردیدا مێژوویەکی ئەوەندە دێرینی نییەو دەگەڕێتەوە بۆ کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە، بەتایبەتی کە ((ڕۆشنبیران هەر لەسەرەتای پەیدابوونی چاپ و چاپەمەنی کوردییەوە بەتەنگ منداڵ و پەروەردەو فێرکردنیانەوە هاتوون و ڕێگاو ڕێبازییان دەستنیشان کردووە، هەرچەندە ئەم جۆرە نوسینانە ناخرێنە خانەی ئەدەبی منداڵانەوە، بەڵام وەك دەستنیشان کردنێك بۆ بایەخدان بەمنداڵ و دانانی بنەمایەك بۆ ئەو ئەدەبە شتێکی خراپ نییە. لەناوەڕاستی بیستەکانەوە ڕۆشنبیران و شاعیران ڕاستەوخۆ ڕوویان لەمنداڵ کردو بەرهەمیان ئاراستەکردن، بەشیعرە بەرزو بەسۆزەکانیان گیانی کوردایەتی و خۆشەویستی وڵات و نەتەوەییان تیا جۆش دەدان و هانیان دەدان بۆ خوێندن و ڕەواندنەوەی شەوەزەنگی جەهالەت)) (ئەحمەد سەید علی بەرزنجی: ٢٠١٠: ٢٧). لەم ڕووەوە دەتوانین بڵێین: لەناو شاعیرانی کورددا زێوەر بە دەنگێکی دیارو کاریگەرو پێشەنگ لەم بوارەدا دادەنرێت، چونکە بەشێکی زۆری دیوانە شیعرییەکەی تەرخان کردووە بۆ لایەنی پەروەردەیی و ڕەوشتی و فێرکاری منداڵان ((جێگا دەستی شاعیر ئینکار ناکرێ لە پەیدابوونی سەرەتایەك بۆ ئەدەبی منداڵان لەلای کورد، چونکە ئەو خاوەنی دەیان هەڵبەستی پەروەردەیی ناسك و تەڕوپاراوی منداڵانە، کەتا ئێستاش ئەو مانا بەرزو وشە جوانانە بە ئاوازی خۆشی کوردی لە قوتابخانەکاندا دەوترێنەوەو نەوە دوای نەوە فێری دەبن)) (ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی: ٢٠٠٠: ١٩).

شاعیر منداڵان وەك نەوەی دواڕۆژ و خاوەن داهاتوویەکی ڕۆشن و دیار لەناو کۆمەڵگەکەیدا دەبینێت کە داهاتووی هەر نەتەوەیەکی لەسەر بنیات دەنرێت، بۆیە بە ئەرکی سەرشانی دەزانێت کە گرنگی و بایەخی خوێندن و زانست پەروەری و خۆشەویستی نیشتمان و هەوڵ و کۆشش بۆ بە دەستهێنانی دواڕۆژێکی پرشنگدار بۆ نەوەکانی داهاتوو ڕوون بکاتەوەو بە شێوازێکی پەروەردەیی دروست گۆشیان بکات ((شاعیر جگە لەوەی خۆی مامۆستا بووە، یەکێکیش بووە لەو پێشەنگانەی هەوڵی بڵاوکردنەوەی زانست و زانیارییان داوە لە کوردستاندا، بەم پێیە لەمنداڵ نزیك بووەو زانیویەتی منداڵ چی پێویستەو چۆن سودی پێدەگات)) (حەمە ساڵح فەرهادی: ٢٠١٣: ١٧). بۆیە ئەوەی لە توانایدا بووبێت بۆ منداڵان کردوویەتی و لەم ڕووەوە چەندین بەرهەمی بەپێزی نووسیوە، کە لە ڕووی ناوەڕۆکەوە کاریگەری لەسەر ئاستی پەروەردەیی و دەروونی و ژیری و ڕەوشتی منداڵان جێهێشتووە (چونکە دەرکەوتووە کە شیعری منداڵان تەنیا کارناکاتە سەر ویژدان و هەڵچوون و خەیاڵ و وروژاندنی لایەنی دەروونی منداڵ، بەڵکو جۆرە شیعرێکە کە حیکمەت و نموونەو ڕاستی لا بەرجەستەدەکات) ( هادی نعمان الهیتی: ١٩٧٧: ٢٠٨) .

ڕۆڵ و کاریگەری شیعر لەسەر خوێنەری بە ئەزموون چەند دەردەکەوێت بۆ منداڵیش ڕەنگە هەمان کاریگەری بنوێنێ، بەڵام بە جیاوازی سیما و خەسڵەتی ئەو شیعرەی کە تایبەت بۆ جیهانی منداڵ دەنووسرێت، چونکە وەك دیارە منداڵ دەربەستی ئەو فۆرمە لە شیعر نابێت، کە دوورە لە جیهان و جیهانبینی ئەوەوە، بەڵکو هەست و ناخی منداڵ پێویستی بە جۆرە شیعرێکە، کە لەگەڵ ئەو تەمەن و زمانە هاوسەنگ بێتەوە، کە ئەو لێی تێدەگا و پێی دەدوێ، شاعیرانیش لە هۆنینەوەو نووسینی شیعری منداڵاندا هەمیشە پەیوەستی ئەو سروشتە سادەیەی


کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

دونیای منداڵان بوون لەبەر ئەوەی شیعری منداڵ ((ڕوانینی واقیع خوازانەیە بۆ جیهان لە ڕوانگەی منداڵەوە. شیعری منداڵ باسی واقیعیەتە بەرهەست و دەرەکییەکان ئەکا بە پێوانەی ئەزموونی منداڵ. لە ڕاستیدا شتێکی زەینی و خەیاڵی نییە، بەڵکو مۆتیف و وشەکان، واقیعی و ناسراون، واتە قسەی منداڵ بە پێی زمانی خۆیەتی، ئەو زمانە کە تێ ئەگا و لەسەر زاریەتی. شاعیریش بە کەڵك وەرگرتن لە کێش و سەروا، شیعرەکان بە شێوەیەکی سادەو ریتمێك ئەخاتە بەردەستی منداڵ و زاری منداڵی پێ ئەڕازێنێ)) ( شەریف فەلاح: ٢٠١٣: ٦٦١).
زێوەری شاعیر بواری ڕۆشنبیری و فێرکردن و خوێندنی ئێجگار لا بەرزو پیرۆز بووە، بەجۆرێك هانی هەمووخەڵکی داوە بۆ چوونە بەرخوێندن بەبێ جیاوازی کردن لەنێوان کوڕو کچ دا، بۆیە بەشێکی زۆری شیعرەکانی بۆ ئەم مەبەستە تەرخان کردووە، وەك لەشیعری(نیشانەی زانین)دا باس لە گرنگی خوێندن و خوێندەواری دەکات و کاریگەرییەکەی لە پێشکەوتنی کۆمەڵگەدا ڕوون دەکاتەوەو داوا لە دایکان و باوکان دەکات کە بێ جیاوازی ڕەگەز منداڵەکانیان بنێرنە بەر خوێندن ((زێوەر یەکێکە لەو مامۆستایانە کە زوو هەستی بەوە کردووە، کە سروود بۆ خوێندکاران تاسەی منداڵان بۆ خوێندن دەکاتەوەو هانیان دەدات کە بەخۆشی و شادییەوە ڕووبکەنە قوتابخانە))(حەمەکەریم هەورامی: ٢٠٠٥: ١٨٦)، چونکە زانست گەورەترین سەرمایەی مرۆڤە و بە خوێندن منداڵەکانیان وەك دانەیی دوڕیان لێ دێت:

بۆ کرداری جوان بۆ عیلم و ئەدەب
منالی خۆتان بنێرنە مەکتـــــەب
منالتان ئەگەر کچ بێ یاخود کــوڕ
بەخوێندن ئەبێ بە دانەیـــــی دوڕ (دیوانی زێوەر: ٢٤٣)

زێوەر لە شیعری( قسەی شاگردێك)دا، بەشێوازێکی پەروەردەیی هونەری جوان منداڵان فێری چۆنێتی خۆئامادەکردن بۆ قوتابخانە دەکات و ڕێنماییان دەکات کەپێش چوونە قوتابخانە بەباشی خۆیان ئامادەبکەن لە ڕووی پاك و خاوێن ڕاگرتنی جەستەو شۆردنی دەست و دەم و چاویان، پاشان هەڵس و کەوت کردن لەگەڵ هاوڕێکانیان بەشێوەیەکی پڕ لە ڕێزو دورکەوتنەوە لە توندو تیژی، چونکە قوتابخانە سەرچاوەی پەروەردەو فێرکردنە :

هەموو بەیانی کەلەخەو هەستـــــم
پاك ئەیشۆم چاو و ڕوومەت و دەستم
بەفرو بانەبێ سەریشم ئەشـــــــۆم
یەك دوو پارچە نان بەچاوە ئەخـــۆم
جلی شەو نوستن لە خۆم لائەبـــــــەم
بەجلی مەکتەب بەدەن ڕێك ئەخـــەم (دیوانی زێوەر:ل٢٢٠).

جگە لەم دوو بەرهەمە زێوەری شاعیر چەندین بەرهەمی دیکەی بۆ منداڵان نوسیوە، کە بەشێکی زۆریان لە چوارچێوەی گرنگیدان بە لایەنی پەروەردەیی و خوێندن و زانست پەروەری و خۆشەویستی نیشتماندا خۆیان


کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

دەبیننەوە، کە هەموو ئەم بەرهەمانە ئاسۆی بیری منداڵان فراوان دەکەن و ئاستی وشیارییان بەرەو پێشەوە دەبەن و دەبنە هۆکارو یارمەتیدەرێکی باش لە بواری پەروەردە و فێرکردندا.

باسی دووەم: بابەتی پەروەردەی ڕەوشتی و ئاینی:

بابەتی پەروەردەی ڕەوشتیی و ئاینی و ڕێنمایی و ئامۆژگاری بۆ گەورەو بچووکان یەکێکە لەو بابەتە گرنگانەی، کە لە شیعری زێوەردا پانتاییەکی فراوانی داگیرکردووە و ئامانجی شاعیر تێیدا گەیاندنی چەندین پەندو ئامۆژگاریی و پێوەرو بەهاو ئاکارە ڕاست و دروستەکانە، کە لەو ڕێگەیەوە دەیەوێت کۆمەڵگەکەی وشیاربکاتەوەو بەئاگایان بهێنێتەوە لەو کارە چەوت و نادروستانەی کە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، بۆیە بەشێك لە شیعرەکانی زێوەر لە چوارچێوەی ئامۆژگاری و ڕێنمایی کردندا خۆیان دەبیننەوە، شاعیر لە شیعری (پەندو ئامۆژگاری)دا ڕووی دەمی دەکاتە ئەو مرۆڤانەی کە بەڕووکەش خۆیان بەکەسانی زاناو دوور لەکێشە دەبینن و بەردەوام ڕەخنە لەخەڵکی دەگرن، بەڵام لە ناخدا خراپن وبەدوای هەڵەو کەم و کوڕییەکانی دەوروبەرییاندا دەگەڕێن و دەڵێ:

یەك عەیبی خەڵك ئەبینی خۆت صاحێبی هەزاری

خەڵكت لەلا خەراپە خۆیشت وەكـــــــو دەواری

ظاهیر فەقیرو سالم بەرەنگ و بەرگـــــــی عالم

ئەمما لەناو دەروونا مارێکی زەهـــــــــرداری (دیوانی زێوەر: ٦١)

بەگشتی (شاعیرانی ئەم قۆناغە ئامۆژگاریکەرێکی دڵسۆزی گەل بوون، زێوەر لەبەشێکی زۆری شیعرەکانیدا ئەرکی ئامۆژگاری و خستنەڕووی هەندێ داب و نەریت و خووی دواکەوتووی کۆمەڵ و دورکەوتنەوە لەو ڕەوشتە خراپانەو گۆڕینەوەی و لەشوێن دانانی هەڵس و کەوتی بەرزو چاك کەلەگەڵ داب ونەریتی کۆمەڵگەی کوردیدا دەگونجێت بینیوە)(نەسرین ڕەئوف ئیسماعیل: ١٦٧).

ئەوەتا زێوەر لەشیعری(هاودەم)دا ئامۆژگاریمان دەکات کەلەکەسانی خراپەکارو بەدکردار دووربکەوینەوە چونکە چاکەکردن لەگەڵ ئەم جۆرە مرۆڤانەدا هیچ سودێکی نییەو ئەنجامەکەی پەشیمانییە:

هاودەمی ئینسانی بەدکردارو دار

قەت مەکە تاماوی ئانێ ئیختیار

قەد لەبەرخۆ ناکرێ چاکەی ئومێد

چۆن ئومێدی مەرحەمەت ئەکرێ لەمار (دیوانی زێوەر: ٢٤٢)

وشیارکردنەوەی کۆمەڵگە لە کاروکردەوە نەشیاو نادروستەکان و دورکەوتنەوە لە بیروباوەڕە دواکەوتووەکان، یەکێك بوو لەو ئەرکانەی کە شاعیران گرتبوویانە ئەستۆی خۆیان هەر بۆیە لەم قۆناغەدا شیعر ((چاکسازی لە بواری فیکریدا دەکات و ئەو چەمك و بۆچوونە هەڵانە ڕەتدەکاتەوە کە هەندێ لە بەناو شێخ و مەلای دنیا ویست خەڵکان بۆ بەرژەوەندییە بچووکەکانی خۆیان دەخەڵەتێنن، لە جێیاندا ماناو یاسا چەسپاوو دروستەکانی ئیسلام زیندوو دەکاتەوە دەری دەخات ئیسلام لەگەڵ تەنبەڵی و دوورەپەرێزی و چاوپۆشیکردن لەمافەکان و


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

چـوون بـەدوای خورافـات و شتەپڕوپووچـەکان نییە،بەڵکوبەپێچەوانەوەهەمووشتەباشـەکانی لەبەرژەوەنـدی مرۆڤەکانن))(ئیدریس عەبدوڵلا مستەفا: ٢٤٠)،

یەکێك لەو لایەنە گرنگانـەی کـە شـاعیران لـەم قۆناغـەدا بایـەخیان پێـداوە ئامۆژگاریکردنی کۆمەڵگـە بـووە لـە ڕوانگەی ئەرکی ئاینییەوە، هەر بۆیە زێوەری شاعیر دەیـەوێت بەپەروەردەیـەکی ئـاینی تاکـەکان فێـری هەوڵدان وکارکردن و تێکۆشان بکات و داوایـان لێـدەکات کەبـەردەوام لەهـەوڵ و تێکۆشـاندا بـن، چونکە ئەومرۆڤـەی کـار دەکات خۆشەویستی خودایەو دەڵێت:

پیاوی تەمەڵ دوژمنی خۆی و عەدووی هەرکەسە

قەولی ((الكاسب حبيب الله)) لە عالەم دیارییـــــە

چاو لەمووچەو تووڕەکانە مەبڕە ئـــــــەی زەلام

مایەیی دنیاو دینت کەسب و سنعەتکارییـــــــــە (دیوانی زێوەر: ٨٧)

دواتر شاعیر ئاماژە بە ئایەتێکی قورئان دەدات و لەوێوە دەیەوێت پێمان بڵێت کە پێویستە هەموو کات گەشبین و دڵ پڕ لەهیواو ئومێد بین و لەهەوڵ و تێکۆشان بەردەوام بین، بێکاری و تەنبەڵی و چاوبڕینە دەستی خەڵکی بەکارێکی نەشیاو دوور لەئاین لەقەڵەمدەدات و دەڵێ:

((ليس للانسان الا ماسعى)) بیخوێنـــــــــــەوە

سەعی و غیرەت ئەمری مەشرووعە کەلامی بارییە (دیوانی زێوەر: ٨٨)

لەبەرئەوەی کۆمەڵگەی کوردی بەگشتی کۆمەڵگەیەکی موسڵمانە و پابەندە بەبنەماکانی ئاینی ئیسلامەوە، بۆیـە زێوەری شاعیر وەك مرۆڤێکی موسڵمان لەڕێی پابەندبوون بەبنەماکانی ئاینی ئیسلامەوە خـەڵکی هانـدەدات بـۆ دورکەوتنەوە لەو کارو کردەوەو رەفتارانەی کە لە ئاینی ئیسلامدا بە ناپەسەندو نابەجێ لەقەڵەمدراون، بۆیە لە شیعری(ئامۆژگاری)دا ئامۆژگاری توێژی مێرد منداڵان و گـەنجان و دواتـریش بەساڵاچـووان دەکـات و مـەترسـی و زیانەکانی خواردنەوەی مەییان بۆ ڕوون دەکاتەوە و دەڵێ:

تۆ کەسادەی عەرەق مەخۆ ڕۆڵە

هاوپیاڵەت مونافیق و زۆڵـــــە

هێزی قاچت نییە هەتا ڕاکــەی

دەستەکانیشت لە بۆ دیفاع کۆڵـــە

لە کۆتایشدا شاعیر داوایان لێدەکات پابەندی فەرموودەو بنەماکانی ئاینی ئیسلام بن و ڕێگای ڕاست بگرنـە بـەر، چونکە هیچ کارو کردەوەیەك چ بەنهێنی یان ئاشکرا ئـەنجام بـدرێت لای خـوای گـەورە ون نابێـت و لـە کۆتایـدا مرۆڤەکان سزای کردەوە خراپەکانیان وەردەگرن ودەڵێ:

باوەڕێکتان ببێ بەشەرع و حديث

خوا ئەسێنێ لە موجریمان تۆڵە

هەرچی ئیشێ بکەی غەیب نابێ

وامەزانە کەسەرزەمین چۆڵـــە (دیوانی زێوەر: ٥٩)



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**باسی سێیەم: پەروەردەی نەتەوەیی و نیشتیمانی**

پەروەردەی نەتەوەیی و نیشتیمانی یەکێکە لەو ڕەهەندە دیار و گرنگانەی کە شاعیران و ڕووناکبیرانی کورد هەموو هەوڵێکی خۆیان خستۆتەگەڕ تا لە ڕێگەی سروود و تێکستی شیعری تایبەت بەو بوارە پەیامی نەتەوەیی و نیشتیمانی بە گوێی نەوەکانی کورددا بچرپێنن و هانیان بدەن خاك و نیشتیمانی خۆیان خۆش بووێت((سەرەتاکانی خۆشویستنی نیشتیمان، لە خۆشویستنی ماڵ و ئەو ژینگەیەوە دەست پێدەکات کە تێیدا پەروەردە دەبین. لە خۆشویستنی ئەو دیمەن و بۆن و بەرامە خۆشانەوە دەست پێدەکات کە هۆگریان دەبین و لە خۆشویستنی ئەو گوند، شارۆچکە یان شارەوە دەست پێدەکات کە لێی لە دایك دەبین و تێیدا گەشە دەکەین))(حەمە سەعید حەسەن: ٢١٣: ١٤٣).

زێوەر بەشێکی شیعرەکانی بۆ مەبەستی چاندنی تۆوی خۆشەویستی و پەروەردەی نیشتیمانی و نەتەوەیی هۆنیوەتەوە و لەو ڕێگەیەوە هەوڵی زۆری داوە بۆ ئەوەی کە گەنج و لاوی کورد دەست لە نێو دەست هانبدات بۆ یەکگرتوویی و تەبایی و ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمنان و بەرەنگاربوونەوەی سیاسەتی داگیرکاری و هەنگاونان بەرەو سەربەستی و ئازادی، چونکە((دەربڕینی سۆزو خۆشەویستی بۆ نیشتیمان یەکێکە لە لایەنە گرنگەکانی ناوەڕۆکی شیعری نیشتیمانپەروەری و شاعیر لە ناخەوە کۆمەڵێك شتی تایبەت بە نیشتیمان دەوروژێنێ و لە ڕێگەی دەربڕینی چەند وشەیەکی جوانەوە شیعر دەخوڵقێنێ، کە بەهۆیەوە گوزارشت لەو خۆشەویستییە دەکات کە ئەو هەیەتی بۆ نیشتیمان.

زێوەری شاعیر بەشێوەیەك ئەم خۆشەویستییە دەردەبڕێ کە ژیانی خۆی لەو خۆشەویستییەدا دەبینێتەوە)) (یادگار ڕەسوڵ باڵەکی: ٢٠٠٥: ١٦٠). دیارترین و ناسراوترین شیعری زێوەر لەو بوارەدا شیعری (ئەی کوردینە)یە، کە لەم شیعرەدا زێوەر لە فۆرمی بانگەوازکردنەوە دەست پێدەکات ڕووی دەمیشی بۆ تەنیا توێژێکی دیاری کراو نییە، بەڵکو بانگەواز و هاوارەکەی ئاراستەی هەموو نەتەوەی کوردە، کە هانیان دەدات لەپێناوی یەکێتی و سەربەرزی خاکی وەتەندا تێبکۆشن و، لە فۆرمی کۆشدا کورد بە فیداکاری وەتەن ناو دەبات، لە پشتی ئەو گوتارە شیعرییەشەوە دیارترین ئامانج دەدرکێنێت کە ئەویش دەرکەوتنی خۆری نەتەوەی کوردە لە جیهاندا و دەڵێت:

ئەی کوردینە ئەی مەردینـــــــــە

با دەست لەنێو دەست کەین هەموو

بۆ بەرزێتی خاکی وەتـــــــــــەن

بۆ یەکێتی بچین هەمووکوردین هەموو (دیوانی زێوەر:٢٠٧)

زێوەر بارودۆخی نالەباری سیاسی و کۆمەڵایەتی میللەتەکەی و دواکەوتوویی باری ڕۆشنبیری هانی داوە، کە شیعرەکانی بکاتە پەیامی وشیاری و بەئاگاهێنانەوەو، خۆبەخت کردن لە پێناوی گەیاندنی بیروباوەرەکەیدا خەمی گەورەی شاعیربووە، بۆیە((شیعری نیشتمانی و بانگەشەکردن بۆ بیری نەتەوەیی و تێکۆشان لە پێناوی گەیشتن بە ڕۆژێکی سەرفرازی و دوور لە دەسەڵاتی بێگانە لایەنێکی دیاری شیعرەکانییەتی))(ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی: ١٤).



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

مەبەستە پەروەردەییەکانی زێوەر لە بواری شیعری نەتەوەیی و نیشتمانیدا هەندێك جار لەوەدا خۆیان دەبیننەوە کەشاعیر ڕێگای ڕاست و ئاسۆی ڕووناك دەخاتە بەردەم لاوانی نیشتمانەکەی و لە سیاسەتی دوژمنانەی داگیرکەران ئاگاداریان دەکاتەوەو وەك شاعیرێکی ڕاستگۆو نیشتمان پەروەرێکی دڵسۆز پیلانی ناحەزانی کورد بۆنەوەی دواڕۆژڕوون دەکاتەوە، وەك لە شیعری(بۆ قوتابیان)دا گرنگی و بایەخی شوێنی جوگرافی کوردستان بۆ قوتابیان ڕووندەکاتەوەو لە مەبەست و ئامانجی ناحەزان بەئاگایان دێنێتەوە، کە چۆن لە هەوڵی داگیرکاری و پارچە پارچەکردنی خاکەکەیدان و، دواتر ئەوەیان پێ ڕادەگەیەنێت، کە ولآتانی دەوروبەر بەهۆی زانست و خوێندنەوە بە ئامانج گەیشتوون و لە جەهل و نەزانین ڕزگاریان بووە، (( زێوەر لەو سەردەمەدا بیری لەوە کردۆتەوە کە هەندێ بابەتی خوێندنی منداڵانی کورد کە بەگران وەری دەگرن و زۆربەی وەك زانیارییەکی ڕوت-مجرد- لەلایان دەمێنێ، ئەم وەك شارەزایەکی پەروەردەیی هاتووە ئەو بابەتانە"بەتایبەت جوگرافیا" بەشیعر سەرلەنوێ دایڕشتوونەتەوەو لە نامیلکەیەکدا بۆ منداڵانی چاپکردووە..ئەمەش دەچێتە خانەی شیعری فێرکردنەوە)) (ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی: ٢٠٠٠: ١٩) زێوەر لەم بارەیەوە دەڵێ:

ئەی نەوەی باز و شەهێن بۆ تۆ جەلادەت فیطرییـــــە
سەیری ئەطرافت بکە یەکبارە ڕاوی تۆ ئـــــــەکەن
دەرسی سەتحی قەت مەخوێنن هۆش و فیکرێکتان ببێ
دەرسی "تاریخ"تان کە خوێند "جوگرافیا" دیققەت بکەن (دیوانی زێوەر: ٢١٨)

((شیعری ئەم قۆناغە وای لە مرۆڤی کورد کرد،هەڵوەستەیەك لەژیانی خۆی بکات و بیرێك لە واقیع و ئایندەی خۆی بکاتەوە، چونکە واقیعی نوێی بەهەموو کێشەو پیلان لەدژایەتی نەتەوەو پێداویستییەکانی سەردەم بۆ میللەت، بەزمانێکی ڕوون و ئاسان بۆ تاکەکانی نەتەوە ڕوونکردەوە، لەگەڵ ئەوەشدا هەربەوەوە نەوەستا، بەڵکو ڕێی چارەسەری کێشەکان و دەربازبوونی نەتەوە لەقەیران و دوژمنەکانیشی بۆیان نەخشەکێشا)) (ئیدریس عەبدوڵلا مستەفا: ٢٤٦). ئەوەتا زێوەری شاعیر داوا لەلاوانی نەتەوەکەی دەکات کەدەست لەناو دەست لەپێناو یەکگرتوویی و تەبایی خاکەکەیاندا تێبکۆشن ولە هەوڵی بەدەستهێنانی زانست وزانیاریدا بن، تەنیا یەکگرتن میللەت بەرەو ڕێگەی سەرکەوتن و شۆڕش دەبات و لەژێردەستەیی رزگاریان دەکات، چونکە گەروانەکەن دەبنە نۆکەری دوژمنان وناسنامەی نەتەوایەتی و خاکەکەیان لەلایەن داگیرکەرانەوە زەوت دەکرێت.

تۆیش ئەگەر فرصەت لەدەست دەی ئەبیە مەملووکی کەسێ
شەوچرا هەڵگر ئەبی ڕۆژیش ئەشۆی جام و لـــــــــەگەن (دیوانی زێوەر: ٢١٩)

جگە لەم دوو شیعرەی کە بە نموونە وەرگیراون زێوەر لە دیوانەکەی خۆیدا چەندین تێکستی دیکەی شیعری بۆ ئەم مەبەستە هۆنیوەتەوە، کە لە تێکڕایی تێکستە شیعرییەکاندا ئامانج و مەبەستی پەروەردەیی نیشتیمانی و نەتەوەییە.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**ئەنجام:**

**١-شیعری کوردی لە قۆناغ و سەردەمە جیاوازەکانی خۆیدا هەڵگری پەیامی مەعریفی خۆی بووە و لە قۆناغی کلاسیزمی نوێشدا ئەرك و پەیامی شیعری کوردی لەناوەڕۆکدا گۆڕانێکی بنچینەیی بەسەرداهاتووە ئامانج لێی وشیارکردنەوەو بەئاگا هێنانەوەی کۆمەڵگە بووە، لە بوارە جۆراو جۆرەکانی ژیاندا ئەمەش تا ئەندازەیەك بیری ڕۆشنگەری شیعری کوردی نیشاندەدات، کە لەسەر دەستی هەندێ لە شاعیرانی ئەو قۆناغەدا بەئەنجام گەیشت ویەکێکیش لەو شاعیرانە زێوەر بووە.**

**٢-زێوەر شیعری کردۆتە کایەیەکی مەعریفی لە بواری پەروەردەو فێرکردنی توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگەی کوردی و بایەخی بە پەروەردەو فێرکردن داوە لە بواری پەروەردەیی و ڕەوشتی و ئایینی و نیشتمانی ومێژوویی جوگرافی و.... هەوڵی بەردەوامی داوە بۆ ئاشناکردنی توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگە بەچەندین ڕەهەندی گرنگی ژیان.**

**٣-زێوەر لە بواری شیعری پەروەردەی و فێرکردندا زمانێکی سادەو ڕەوانی بەکارهێناوە، تا کاریگەری لەسەر هزری منداڵان و مێرد منداڵان وچین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگە هەبێت، بۆ گەیاندنی ئەم مەبەستەش زمانی شیعری خۆی بەجۆرێك بەکار هێناوە کە لەگەڵ ئەو توێژ و تەمەنەی شیعرەکەی ئاراستەکردووە بگونجێت.**

**٤-زێوەری شاعیر لە ناوەڕۆکی شیعرە نەتەوەیی و نیشتیمانیەکانیدا لەگەڵ ئەوەی کە دەیەوێت تۆوی خۆشەویستی نیشتیمان لە ناخ ودڵ و دەروونی میللەتەکەیدا بچێنێت لە هەمان کاتدا دیدی ناحەزان و داگیرکەرانی کورد بۆ نەتەوەکەی دەخاتەڕوو دواتریش وشیاریان دەکاتەوە لە سیاسەتی داگیرکەرانی نیشتیمان و ڕێگە چارەی گونجاو بۆ ئەو مەبەستە دەخاتەڕوو.**

**٥-ئەو بوارە ڕۆشنبیرییەی شاعیر لە ڕێگەی شیعرەکانییەوە لە بواری پەروەردەو فێرکردندا گرتویەتییە بەر، بەشێکی بە هۆی کاریگەری پیشەی مامۆستایەتییەکەیەوە بووە و بەئەرکی سەر شانی خۆی زانیوە، کە چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگەی کوردی فێری زانستپەروەری و خوێندن و خوێندەواری و بکات لەپێناو پێشخستنی کۆمەڵگەدا.**



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

سەرچاوە کوردییەکان: -

-ئەحمەد قەرەنی، شیعری فێرکردن لە ئەدەبی کوردیدا، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چا/ ١ هەولێر: ٢٠٠٧.

-ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی، ئەدەبی منداڵان لە گۆڤاری گەلاوێژدا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی ، ٢٠١٠.

- ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی، پێویستی ئەو شیعرانەی پێویسنین لە وەڵامی عێراقچێتیەکەی زێوەردا، چاپەمەنی سلێمانی، سلێمانی، ٢٠٠٠.

-ئیدریس عەبدوڵلا مستەفا، قۆناغی پێش ڕۆمانسیزمی شیعری کوردی (١٨٥١-١٩٢١)، بەرێوەبەرایەتی چاپخانەی رۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٦.

- ئاسۆ عومەر مستەفا، بەها ئیستاتیکییەکانی شیعر لای پیرەمێرد، شێخ نوری شیخ ساڵح و گۆران، چ، خانی، چا/ ١، دهۆك،٢٠٠٩.

- پەرێز سابیر، رەخنەی ئەدەبی کوردی و مەسەلەکانی نوێکردنەوەی شیعر، چ/وەزارەتی پەروەردە، چ/١، هەولێر ، ٢٠٠٦.

- جەمال حبیب الله، دەروازەی شیعر ناسین، چ/ نارین، هەولێر، ٢٠١٣.

- حەمە کەریم هەورامی، ئەدەبی منداڵانی کورد، چ/ وەزارەتی پەروەردەی هەولێر، ٢٠٠٥.

-حەمە ساڵح فەرهادی، پێگەی شیعری منداڵان لای شاعیرانی کورد،چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٣.

- حەمەسەعید حەسەن، ئەوین و ئاوەز، چ/ موکریانی، هەولێر، ٢١٣.

-زێوەر(دیوان)، ئامادەکردنی مەحموود زێوەر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی دووەم، هەولێر، ٢٠٠٨.

- شەریف فەلاح، ڕۆچنەیەك بۆ ئەدەبی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ب ٢، چ/ کەمال، سلێمانی، ٢٠١٣.

- عەبدولخالق یەعقووبی، لە کلتوورەوە بۆ ئەدەبیات، بڵاوکراوەی ئاراس، چ/ ١، هەولێر، ٢٠٠٨.

-مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی پێنجەم، بڵاوکراوەی ئاراس، چا ١، هەولێر، ٢٠٠٥

-نەسرین رەئووف ئیسماعیل، ئەرکی شیعر لەئەدەبی کوردیدا، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠٠٩. -هۆراس ،هونەری شیعر، و:حەمید عەزیز، چ/زەمان، بەغدا، ١٩٧٩.

- یادگار ڕەسول باڵەکی، سیماکانی تازەکردنەوەی شیعری کوردی ١٨٩٨-١٩٣٢، چ/ وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٥.

سەرچاوە عەرەبییەکان:

- نظرية الانواع الادبية، مج ١، الادب سي فينسان، ت: د. حسن عون، منشاءمعارف بالاسكندرية، ١٩٧٨.

-طاهر احمد مكي، الشعر العربى المعاصر، دار المعارف، مصر ، ١٩٨٠.

-عبدالقادر الرباعى(د.)، جماليات المعنى شعري، دار القارئ للنشر والتوزيع، عمان ، ١٩٩٩.

-محمد عبد حمود(د.)، الحداثة فى شعر العربي المعاصر بيان والمظاهرها، ط/١، بيروت ، ١٩٨٦.

-هادى نعمان الهيتى، الادب الاطفال فلسفته، فنونه، وسائطه، دارالحرية للطباعة، بغداد، ١٩٧٧.



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**ملخص البحث**

يحمل الشعر الكردي رسالة خاصة في جميع مراحله المختلفة بسبب الظروف الثقافية والسياسية لهذا للشعب، والتي ظهرت نتيجة إدراك شعراء الكرد لها، ولذلك إذا كان الشعر الكلاسكيكي الكردي قد استطاع إيصال رسالته من خلال طرق ووسائل مختلفة، وكان معنيًا بتحقيق أهدافه الخاصة في تلك الحقبة، فإنّه بتغيير تلك الحقبة، وانتهاء تلك المرحلة الذي كان فيه الشعر كلاسيكيا من حيث الشكل، لاقى تغييرا من حيث المضمون، كما أنَ وظيفة الشعر وأهدافه طرأ عليها تغييرات جذرية، حاملاً جوانب وأبعاد جديدة في تلك المرحلة الشعرية، وبهذا التجديد الشعري فإنَ الشعر الكردي وبأيدي شعراء التجديد قطع شوطا جديدًا في هذا الشأن من حيث الأهداف .

من بين الشعراء الكرد الكلاسيكيين، كان لعدد من الشعراء البارزين أثرٌ في تنمية فكر الفرد الكردي، منهم الشاعر( زيوةر) الذي كان له أثر بالغ في التربية والتعليم عن طريق فلسفته الخاصة بأهداف الشعر المختلفة، هذا فضلا عن أنّنا نجد لهذه الأهداف صدا عميقا في نصوصه الشعرية.

ونتيجة لأدراكنا للأثر الكبير لهذا الشاعر ودوره البارز في التربية والتعليم، جاء هذا البحث ليسلط الضوء على سعيه في تمنية المجتمع الكردي وتطويره من خلال نصوصه، وتحقيقًا لهذا الغرض جاء البحث في فصلين لبيان أثر شاعرنا في تحقيق أهدافه التنموية.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

## Abstract

The present study is under the titleof 'The Role of Zewar's Poetry in the Field of Education and Teaching'. Kurdish poetry has stepped with different stages and conditions of Kurdish people and every stage has indicated that condition in which the Kurdish poetry has been passed. Kurdish poetry, after the middle of nineteenth century, had been changed and renewed, but most of the changes were in the content. This poetry, in the Kurdish literature, was known as the new classic, and Zewar is regarded as one of the most famous poets of that stage. He wrote poetries for the sake of awareness, warning, field of education of children, moral, nationality and homeland. Poet had a great role in the field of education and teaching individuals of the society. This research is specialized to the role of poet in that field.

This research consists of two sections. In the first section, the effect of poetry on the ideologyof individual and the function of poetry in the stage of Kurdish new classicism have been discussed. Later, the language of Zewar's poetry has been discussed.

In the second section, the role of Zewar's poetry, in the field of education and learning and nationality and homeland, has been shown.




کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)